بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دلشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 10. Aug. 2017 No: (5327)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دهۆک: 07504456553 - 07504688380 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231

# 25ی ئەیلوول
# بەڵێ بۆ سەربەخۆیی



# فیلمێکی کوردی بەشداری فستیڤاڵێکی سینەمایی نێودەوڵەتی دەکات

فیلمێکی ئەنیمەیشنی کوردی بەناوی (بێدەنگی ئاسمان) لەدەرهێنانی جوبرائیل ئەبوبەکر لەفستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی سینەمایی وڵاتی هیندستان بەشداری پێشبڕکێی سەرەکی دەکات و کێبڕکێی بردنەوەی خەڵات دەکات.

دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر لەبارەی بەشداری فیلمەکەی لەو فیستیڤاڵەدا رایگەیاند "فیلمەکە بەشداری فیستیڤاڵی سینەمایی نێونەتەوەیی کارجیل دەکات و کێبڕکێی بردنەوەی خەڵات دەکات".

وتیشی "فستیڤاڵەکە لە 11تا 13ی ئابی 2017لەشاری کارجیل ئەنجام دەدرێت".

کارجیل ناوچەیەکی شەڕ بووە و لەئێستادا یەکێک لەناوچە هەرە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی وڵاتی هیندستان و پارێزگایەکە سەر بەویلایەتی کشمیر.









(بێدەنگی ئاسمان) نوێترین بەرهەمی سینەمایی دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکرە و بەسپۆنسەری عەباس فازڵ عەبدولڕەحمان خاوەنی زانکۆی نۆلج بەرهەمهێنراوە و بەر لەم فیستیڤاڵەش لەچەندین فیستیڤاڵی سینەمایی نێونەتەوەیی بەشداری کردوە و چەند خەڵاتێکیش پێبەخشراوە، لەوانە خەڵاتی باشترین سیناریۆ لەخولی چوارەمی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی سینەمایی زانکۆی بابل و پێدانی خەڵاتی برۆنزی لەبەشی فیلمە ئەنیمەیشنەکانی فیستیڤاڵی سینەمایی باشوری جۆرجیا کەلەوڵاتی کەنەدا ئەنجامدرا.

(بێدەنگی ئاسمان) کورتە فیلمێکی ئەنیمەیشنە و لەبارەی خەونەکانی مرۆڤە بۆ ئازادی و لەبارەی چیرۆکی فیلمەکەشەوە جبرائیل ئەبوبەکر دەڵێت "فیلمەکە باس لەخەونی مرۆڤ دەکات بۆ ئازادی، بەوپێیەی کە هیچ کەسێک ناتوانێت ڕێگا لەئازادی بگرێت و بەربەستی بۆ دروست بکات". وتیشی "ماوەی فیلمەکە 100چرکەیە و بەرهەمی ساڵی 2017- یە". جوبرائیل ئەبوبەکر رەحمان لەدایکبووی ساڵی 1983ی شاری هەولێرە، لەساڵی 2001ەوە دەستیداوەتە کاری سینەمایی و لەنزیکەی 40 کورتە فیلمدا یاریدەدەری وێنەگر بوە و لە 13فیلمی سینەمایی درێژیشدا یاریدەدەری وێنەگر بوە و لەساڵی 2010ەوە کاری دەرهێنانی سینەمایی دەکات و هەتا ئێستا چوار کورتە فیلمی بەرهەمهێناوە و نزیکەی 20 خەڵاتی نێوخۆیی و جیهانیشی بەدەستهێناوە.




## تایبەتمەندییەکانی براوسەری «UC Browser» سەرسامت دەکات

**هەردەوان نەقشبەندی:**

لە ئێستادا دەیان براوسەری جیا جیا بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان و کۆمپیوتەر بەردەستە و هەریەکێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەلام براوسەری "UC Browser"یەکێکە لە براوسەرە بەنێوبانگەکان کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ناوازەی هەیە و وا پێویست دەکات هەموتان بەکاری بهێنن، لەو تایبەتمەندییە گرنگانەش:

1- بەرنامەی "UC Browser"بەرنامەیەکە بۆ تەماشاکردن و گەڕانی وێبسایتەکان بەکاردێت، براوسەرێکی زۆر خێرایە.

2- هەر لەناو براوسەرەکەدا ئایکۆنی (داونلۆد)ی تێدایە، و دتوانیت بەبێ بەرنامە ڕاستەوخۆ ئەو ڤیدیۆ و وێنەی دەتەوێت دایبەزێنیت.

3- بەشی شەوی تێدایە لە خوارەوە کە کاردەکات بۆ تاریک کردن و هەڵکردنی بەرنامە.

4- بەشی بڕینی ئامرازەکانی تێدایە بۆ گرتنی وێنەی شاشە بە شێوازێکی پڕۆفیشناڵ و سەرکەوتوو.

5-بەشی بڵاوکردنەوەی شەبەکەی وای فای هەیە کە لە هیچ بەرنامەیەکی براوسەردا نییە وە زۆر لە کۆنێکتی وای فای بەهێزتر و خێراتر و ئاسانترە، دەتوانیت هێڵی ئینتەرنێتەکەت پەیوەست بکەیت بە بەرنامە و لەبەرنامەکەشەوە هێڵێکی نوێ دابنێیت بە ناوی خۆتەوە و بۆ مۆبایلیش کاردەکات.

6- بەشی imagesکە هەر وێبسایتێک بکەیتەوە هەموو وێنەکانی دێنە سەرەوە و هەرکامیانت ویست دەتوانیت دایبەزێنیت

7-دەتوانیت شێوازەکەی theme بگۆڕیت بۆ هەر جۆرێک خۆت حەزت لێیە.



# ئاهەنگی هاوسەرگیری کینیا

**سابیر**

بێگومان هەر وڵات و نەتەوەیەک و داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری. هەندێک لەو دابو نەریتانە دەچنە خانەی سەرسوڕمانەوە، بە جۆرێک کە مرۆڤ بڕوا ناکات شتی وا لە ئەرزی واقیعدا بوونی هەبێ. لە وڵاتی کینیا کە کەوتۆتە کیشوەری ئەفریقیا، دوای مانگێک لە ئاهەنگی هاوسەرگیری، زاوا پۆشاکی ئافرەتان دەپۆشێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە تاوەکو پیاو یان زاوا هەست بەو بەرپرسیاریەتیە بکات کە بووک لە ژیانی نوێیدا دەیچێژێت، بەم رێگەیەش پیاو خۆی لەگەل کاری ئافرەتان رادەهێنێ و هاوکارێکی باشی هاوسەرەکەی دەبێت لە راپەراندنی کارو باری ناو ماڵ.